# ناكرێت بێ دەنگ بین

كارزان دێوانەیی
هەولێر ٢٠٠٤/٣/١٠

ماوەیەك بەر لە ئێستا لە رێگای سایتی بەڕێزی كوردستان نێتەوە ، نووسینێكی زۆر بـەدم كەوتـە بـەرچاو ، كە لەلایەن حەمەسەعید حەسەن ناوێكەوە رەشكرابووەوە ، نووسینەكە پڕە لە چەواشەكاری و كۆمەڵێك تۆمــەتی دروستكراو ، كە هەر لەگەڵ خوێندنەوەیدا سەرسامیەكی توند دایگــرتم ، دەبـێ دوای ئـەو هـەموو مـاڵوێرانی و زوڵم زۆرەی لە میللەتەكــەمان كـرا و دوای ئازادبوونمـان لــە دەســت دوژمـن و داگیركـەران و دامـەزراندنی پەڕلەمان و حكومەتی هەرێم ، دوای ئەو هەموو هەوڵ و كۆششــەی ســەركردەكانمان بـۆ دەســتەبەركردنی مـافی رەوای نەتەوەكەمان دەیدەن ئەوا خەڵكانێ مابن كە خۆیــان بـە كـورد بزانـن جـارێكی تـر بیانـەوێت زوڵـم لــە سەركردە دڵسۆزەكانمان بكەن و لە خـت و خۆڕایـی و بـێ هیـچ بنەمایـەك تۆمـەتیان بـۆ هەڵبەسـتن و بـەیت و بالویرەیان بەسەردا هەڵدەن.

بەڵێ.....: كاك حەمەسەعید ; كەسێك لە رابەر و سەركردەكانمان نەماون ، كە بەنارەوا پەلاماری نــەدابن؟. ئەمەش وا بكات كە ، خەڵكی ئێمە لە جیاتی ئەوەی هەوڵ و تواناكانی بۆ مەسەلەی كورد و هێنانەدی مافــەكانی تەرخان بكات ، ئەوا خەریكی ((شەڕە دەنووك دروستكردنی)) ، كەسانی وەك حەمەسەعید حەسەن بن ، كــە بـێ وچان هەوڵی زڕاندنی ناوبانگی بەرپرس و كەسایەتیە كوردیەكان دەدات ، ئەو نووسینەی نــاوبراویش كــە دوورە لە هەموو رەوشتێكی رۆژنامەگەری ، شكاندێكی دیاری یاسا و رێساكانی پاراستنی مــافی مرۆڤـە. ئەڵقەیەكـە لــە زنجیرە نووسینەكانی ناوبراو لە و بوارە خراپەدا.

با حەمەسەعید حەسەن بێتەوە كوردستان و بە چاوی خۆی ببینێت و بزانێت چۆن جەماوەر لە نووسینەكانی نیگەرانن كە هەردەم جنێو بە لایــەكی كـوردی دەدات دەشـكرێت بپرســین؟ حەمەســەعید حەســەن بۆچـی ئـەم گێرەشێوێنەیە دەكات؟ ئایا لەبەر ئەوەی كە قینێكی رەش سەرتاپای دڵ و دەروونی گرتووە و بە شــێوەیەك ســەری لێ شێواندووە ، یان دەیەوێت گــورز لــە ناوبـانگی كەسـایەتی ئـەم یـاخود ئـەو بـدات. كـە رەنگـە لــە رووی ئایدۆلۆژیەوە لەگەڵی كۆك نەبن بە چەشنێك هیچ سەركردە و پارت و كەسایەتیەكی كـوردی نـەماوە سـوكایەتی پێ نەكردبێت؟!.....تۆ بڵێی هەموو ئەو خەڵكە هەر هەڵەبن و هەر ئەو لەسەر رێگای راستی بێت ، لە كــاتێكدا ئەم نووسینە جنێو ئامێزانە هەمووی خزمەتی دوژمنان دەكات ، ئەو هەڵمەتی سوكایەتی پێكردن و ناو زڕاندنــەش كە بۆ سەركردەكانی كوردی دەكات دڵی دوژمنی كورد و كوردستان ئارام دەكات و بزە دەخاتە سەر لێوانی.

وابزانم ئەم جنێو و قسە ناشرین و تۆمەت دروستكردنە هەرگیز بوێری نییە بوێری لە پێناوی خزمــەتكردنی كورد دژایەتی داگیركەران بوێریەكی راستەقینەیە.

www.kurdistannet.org